بایکۆت 12

بڵاوکراوەیەکی رۆژانەیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق دەری دەکات
www.wpiraq.net
2005.01.27

# خەڵکی ئازادیخواز, لەگاڵتەجاری بەناو هەڵبژاردندا بەشداری مەکەن

## کێشەی کورد بە "هەڵبژاردن" چارەسەر نابێت؛
## پەیامی موحسین کەریم ( تۆفیق سەعید زۆراب )
## بۆ خەڵکی کوردستان
### جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان؛
### جەماوەری وەتەنگهاتوو لە ستەمو چەوسانەوە؛

بەشداری لەو گاڵتەجارییەدا مەکەن کە بڕیارە بە ناوی"هەڵبژاردن"ەوە لە عێراقو کوردستاندا بەرێ بخرێت! ئەوە هەڵبژاردن و دەنگدانی خەڵك نییە، بەڵکو وەرگرتنی ئیمزاو پەنجەمۆری خەڵکە بۆ ئەوەی کوردستان بە عێراقەوە گرێ بدەنەوە لە بەرامبەر چەند کورسیەکی دەسەڵات کە پارتیو یەکێتی وەری دەگرن! ئەم "هەڵبژاردن"ە شەرعی نییە، چونکە مافی ریفراندۆم بۆ خەڵکی کوردستان پێشێل دەکات! چونکە مافی بڕیاردان لەخەڵکی کوردستان بۆدیاری کردنی ئایندەی سیاسی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا ژێرپێ دەنێت! چونکە ئەو مافە سەرەتاییەی خەڵکی کوردستان بۆ بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی گشتی بۆ بڕیاردان لەسەر پرسی سەربەخۆییو مەسەلەی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ زەوت دەکات!

کێشەی کورد لە عێراقدا، لە ئێستادا، تەنها لە رێگای بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی گشتی خەڵکی کوردستانەوە چارەسەر دەبێت. زەوتکردنی ئەم مافە مانای ئەوەیە کە ئەم کێشەیە بە چارەسەر نەکراوی دەهێڵرێتەوە. مانای ئەوەیە کە سێبەری رەشی شەڕی نەتەوەییو سەرکوتو پاکسازی نەتەوەیی بەسەرسەری خەڵکی کوردستانەوە رادەگرنەوە! ئەمجارەیان لە جیاتی سەدامو عەلی کیمیاویو سەرکردە شۆڤینیستەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیو رژێمی بەعس، شمشێر بەدەستەکانی ئیسلامی سیاسیو سیستانیو موقتەداو خزمەتچیەکانی ئەمریکا، لە عەلاویو یاوەرو..ئەم میراتگرانەی سەدامەوە، هێزی سوپای دوبارە سازدراوی عێراق بەردەدەنەوە گیانی خەڵکی کوردستان..

بەدەستی خۆتان ئەم چارەنوسە بۆخۆتان دیاری مەکەن، دەنگ مەدەن، بەشداری گاڵتەجاری "هەڵبژاردن" مەکەن، داوای ریفراندۆم بکەن، داوای جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بکەن لە کوردستان! کێشەی کورد بەپێکەوەژیانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ نەتەوەپەرستەکانی وەکو یاوەرو عەلاویو نەتەوەپەرستە ئیسلامیەکانی وەکو ئال حەکیمو سیستانیو دەعوەو.. تیرۆریستانی رەنگاورەنگی ئیسلامی– نەتەوەپەرستو ئینسانکوژدا، چارەسەر نابێت، بەڵکو رۆژگارێکی خەتەرو پڕمەترسیو تاریك چاوەڕێی خەڵکی کوردستان دەکات. تەنها رێگا لە ئێستا جیابوونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە لە کوردستان.

بژی ریفراندۆم!
بژی دەوڵەتی سەربەخۆ لە کوردستان!
2005–1–25

## جيابونةوةي كوردستان لة عيراق، بةقازانجي خةلَكي كوردستان و يةكيتي و ثارتيشة

عبدللة محمود

نەوشیروان مستەفا، لە چواچێوەی گەمەی ئەو هەڵبژاردنانەی بەڕێوەیە، هەموو ڕۆژێك پەیام ئەدات بەخەڵکی کوردستان و لێدوانی ڕادەگەیەنی، تا خەڵکی کوردستان پەلکێشی ناو گاڵتەجاریەکانی هەڵبژاردن بکات، نەوشیروان بەو ڕاگەیاندن و پەیام و وادەوبەڵێنە زۆروزەبەندانەی بۆ خەڵکی کوردستان دەیەوێ بەر لەهەموو شتێك کارنامەی زیاتر لە 13 ساڵ دزی و تالآنی و سەرکوت و خۆشخزمەتی بە ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە پەردەپۆش بکات، و لە لایەکی تریشەوە دەیەوێ ناسیونالیزمی عەرەب و شیعەی سیاسی و ئەمریکای دۆست و سەروەریان!! خاترجەم بکات کە خەڵکی کوردستان نیازی جیابونەوەیان نی یەو مانەوەی خەڵکی کوردستان وەکو بەشێك لە عێراق بە قازانجی خەڵکی کوردستان دەزانێت.

نەوشیروان و بزوتنەوەی کوردایەتی کە هیچ پەیوەندیەکیان بە چارەسەری زوڵمی مێژووی سەرخەڵکی کوردستانەوە نیە، و خویان هەمیشە کۆسپێکی سەرەکی رێگاچارەی کارسازو بەکردەوەی خەڵکی کوردستان بوون بۆ کۆتایهێنان بەو ستەم و چەوساندنەوەیە، بێگومان ناشتوانن ڕاگەیاندن و لێدوانێك بدەن کە ناکۆك بێت بە ماهیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی، و ناکوکیش نەبێت بە خواستی رەوای بەرحەقی خەڵکی کوردستان.

چ نەوشیروان و یەکیتی یەکەی و چ پارتی هاوپەیمانی ئێستایان، باش ئەوراستیە دەزانن، نەك خەڵکی کوردستان نیازی جیابونەوەی هەیە، بەڵکو یەکێك لەداخوازیە هەرە سەرکیەکانی ئێستایانەو بۆی تێدەکۆشن، خەڵکی کوردستان کەکارنامەی ڕژێمی بەعسی قەومی عەرەبی گەورەترین دێوەزمە وکابوسی لە بیرنەچووەیە بۆیان، ..... بۆ ل 2

**ئەگەر ئەم جارەش رێگابدرێت ئەم دەرفەتەی بۆ رزگاری خەڵکی کوردستان لە پلەدوویی و ئیلحاقی ئیجباریو سەرکوت پێکهاتوە، لەلایەن تالەبانی و بارزانیەوە بکرێتە قوربانی مەرامە تەسکەکانی خۆیان، ئیتر بۆ دەورانێکی تر هەمان سیناریۆ کارەساتبارەکانی رابردوو هەرەشە لە خەڵکی کوردستان دەکاتەوە ..... رێبوار ئەحمەد**

## تالَةباني و بارزاني داوا لة "سوننة" ئةكةن بةشداري "هةلَبذاردن" بكةن

جمال محسن

لەبەرامبەر بە کشانەوەی "سوننە" لە "هەڵبژاردنەکانی" کەرکوکدا، تاڵەبانی داوای لێکردن کە لەو هەڵوێستەیان پاشگەزببنەوەو بەشداری بکەن لەبەرئەوەی تەنها دوو بەرە هەیە کە یەکێکیان لەگەڵ بنیاتنانی "دیموکراسی" دایەو ئەوی تریان لەگەڵ ئیرهابو صدام دایە! تاڵەبانی هەمان ئەو قسەیە دووبارە ئەکاتەوە کە بووش کاتی هێرشی بۆ سەر عێراق ووتی، "ئەوەی لەگەڵ ئێمە نەبێت، لەگەڵ بن لادنە"! هاوکاتیش بارزانی لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ سەرۆك عەشیرەتە عەرەبیەکاندا (بە سوننەو شیعەوە) جەختی لەسەر بەشداری سوننە کردەوە.

دیارە ئەم دلسۆزی نواندنەی!! تاڵەبانیو بارزانی بۆ سوننەی سیاسی لەو چوارچێوەدایە کە نوێنەرانی "سوونە"ش وادار بکەن بێنە ژێر ڕکیفی ئەمریکاو نەخشەکانیەوە،دیارە مەبەستی تالەبانی لە نوێنەرانی سونە ئەو بەشە ناسونالیزمی عەرەبی شکست خواردووە کە لەگەڵ لەدەسەڵات کەوتنی بەعس، جیگاورێگایان لاوازبووە، نەك نوینەرانی واقی خەلکی سونە مەزهەبی عەرەبی عیراقی، وەتالەبانی بەراگەیاندنی ئەم پەیامەی بۆ برایانی سونی، دەیەوی مەئموریەتیك بۆ ئەمریکاو عەلاوی و سیستانی ئەنجام بدات، و واداریان بکات بینەوە ریزی نیشتمانیو وەك "شیعەکان" عاقڵ بنو کاراکتەری سیناریۆ یەك لەدوا یەکەکانی عیراق قبوڵ بفەرمون، و ئەوانیش بێن بەشی خۆیان ببەن، ئیتر خۆ ئەمریکا لاریەکی لە حوکمی ئیسلامی و قەومگەرایی نیە بە بەعسیەکانیشەوە، گرنگ ئەوەیە بەرنامەو نەخشەی خۆی پیادە ببێت. هەربۆیە سەرانی ناسیۆنالیزمی کوردیش بوونەتە ئامۆژگاریکەر، تا لە نەزەری خەڵکەوە وا نیشان بدەن کە "سوننە" خۆیان ناحەقی ئەکەنو ئەچنە بەرەکەی ترەوە. وە خەڵکیش بێجگە لە کۆنەپەرستانی شیعەو سوننەی سیاسیو ناسیۆنالیزمی کورد ..... بۆ ل 2

**هەڵبژاردنێك کە لە پێشدا کورسی یەکانی دابەشکرابێت, دیموکراسی عەشایەریە..**

## پاشماوەی جیابونەوەی کوردستان لە عێراق، بەقازانجی خەڵکی کوردستان و یەکێتی و پارتیشە

ئێستاش کە پەیامی یاوەرو عەلاوی و سیستانی و....تاد، پێنەگرتوو لە دەسەڵاتدا دەبیستن، هەمان دیوەزمە و کابوسی سبەینێ ی دەستی ئەم جەنابانە بە بەرچاویانەوە ئەو فلیمەیە کە سەرئەنجام نمایش دەکرێت، بۆیە نەك مانەوە لەگەڵ ئەم عێراقەی خێردارە بۆ نەوشیروان و حزبە قەومیەکانی کورد، ڕەتدەکەنەوە هاوکات خواستی جیابونەوە بەو ڕێگایە دەزانن کە ئیتر هاولاتی پلە دوو نابن، کە ئیتر ئەنفال و ژەهرباران ناکرێن، ڕۆلەکانیان ملیان بە پەتا ناکرێت، گۆری بەکۆمەڵیان لێدروست ناکرێت، ئاوارەو ئیرادە ووردکراو نابن.

ئەگەر خەڵکی کوردستان گەورەترین قوربانیانی دەستی ناسیونالیزمی عەرەب بوون، وەئەگەر کارەساتە یەك لەدوایەکەکانی ئیسلامیەکان قورسایی لەسەر ژیان وگوزەرانیان دەکات، وەئەگەر کارنامەی شیعە سیاسی لە ئێرانی پاڵدەستیانەوە ڕۆژانە ئەبینن و نەفرەت لەدەسەڵات و یاساو بوونیان دەکەن، ئەوا نەوشیروان و حزبەکانی هاوفکری، هەمیشە دەست لەناودەستی ئەم زاڵمانەی خەڵکی کوردستان بوون، و هەر بەناوی خەڵکی کوردستانیشەوە لەگەڵیان کەوتونەتە سات وسەوداو مامەڵە، بەسەر لاشەی لە کیمیایی هەڵکێشراوی خەڵکی هەڵەبجە و دولی بالیسان و گۆپتەپەدا.... بەسەر لاشەی دەیان ئینسانی ڕەق هەڵاتووی ئاوارەیی ملیۆنی خەڵکی کوردستاندا، بەسەر خانەو ماڵی لەگەڵ زەوی یەکسانکراودا، بەسەر خواستی هەزاران ئینسانی خوێن ڕژاودا، ملیان ڕێگای مفاوەزاتیان لەگەڵ سدام حسین و بەعس دەگرت، و لەولاشەوە بۆ ئێرانی ئیمام هیچ نەما نەیکەن، و بۆ تورکیاش هەرمەپرسن، بەڵی ئەمان چۆن لەزووەوە فێر بوون کە هاوپەیمان و دۆستی ئەم درندە کۆنەپەرستانە بن، ئێستاش بەپێی ماهیەتی بزوتنەوەکەیان ناتوانن لەگەڵ ئەمانە وابەئاسانی دابڕێن، بۆیە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە وادەی ئەوە ئەدەن کە جیانابنەوە دەوڵەتی سەربەخۆیان ناوێت، لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان جیابونەوە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی ئەوێت، ئەگەر نەوشیروان مستەفاو یەکێتی مل بەوراستیە نادەن، با بفەرمون و لە ریفراندومێکی ئازادا پرسی خەڵکی کوردستان وەربگرن، بزانن خەڵکی کوردستان جیابونەوە بە قازانجی خۆیان دەزانن یان مانەوە لە عێراقی عەرەبی یاوەرو عەلاوی و شیعەی سیاسی سیستانی...؟ نەوشیروان بەناوحزبو بزوتنەوەکەیەوە هەر لێدوان و بەڵێنێك بە دوستەکانی ئەدات بۆ دەسەڵاتە حزبی و میلیشیاکەیان ئازادە، بەڵام حەقی نیە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە وادەو بەڵێن ببەخشێتەوە. بەڵام نەوشیروان و یەکیتی و پارتی دەبێ ئەو ڕاستەیە بزانن، جیابونەوەی کوردستان لە عیراق، نەك هەر بە قازانجی خەڵکی کوردستانە، بەڵکو بە قازانجی خۆشیانە.

## سەدان بەڵێن و وادەی ڕەنگاوڕەنگ بەخەڵکی دەدات تا دەنگیان پێبدەن

## دەقی یاداشتی چەند ئەندامیکی مەکتەبی سیاسی ( ی.ن.ك ) بۆ جەلال تاڵبانی

**گەورەی بەریز مام جەلال سکرتیری یەکیتی نیشتیمانی کوردستان**

**بەشی دووەم**......4- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی گفتگۆ لەگەل حزب و ریکخراوەکان دەکاو بریاری ئاستی پەیوەندی و جۆری هاوکاری و ریکەوتن و ئەندازەی یەرمەتییان تییایە.

5- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری راگەیاندنە، بەرپرسی رۆژنامەو و رادیو و تەلەفزیۆنە، نوسەر و بیژەرەکانی تەنانەت تەکنیکارەکانی بە ئارەزوی خۆی دەهینی و دەگۆریٚ، ڕەنگە دەزگای راگەیاندنی یەکیتی تەنیا دەزگابی لە هەموو رۆژهەلاتی ناوەراستدا رۆژانە خۆی وینەکانی خۆی و میوانەکانی و هەوالەکانی بۆ بلاوکردنەوە لەدەزگاکانی راگەیاندندا هەلدەبژیریٚ.

6- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بەرپرسی کاروباری حکومەتە، وەزیرو وەکیلی وەزیرو، سەفیرو مودیری عام دادەنیت و دەگۆریت جگە لە خۆی کەس بۆی نییە لەوەزیرەکان و لەکارە باش و خراپە کانیان بپرسیتەوە.

7- سکرتیری گشتی بەتەنیا خۆی بی ئەوەی پرس بە سەرکردایەتی بکات بەشدار بوو لەنوسین و پەسەندکردنی (قانونی ئیدارەی دەولەتی عیراق)دا بەتەنیا خۆی بەخاوەن بریار دەزانی لە دیاریکردنی خواستەکانی گەلی کورد و چارەنوسی کەرکوك و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەریم و جۆری بەشداری لە حکومەتی ناوەندی دا.

لەناو یەکیتی دا ژیانی دیموکراتی حزبایەتی، سەرکردایەتی بەکۆمەل، ریزگرتنی ئیرادەی زۆرایەتی، ریزگرتنی ئازادی بیرو بۆچوون نەماوە، یەکیتی بەرەو ئەوە دەبات بیکاتە حیزبی بنەمالەکەی خۆی، بیٚباوەری لە نیوان ئەو و ئەندامانی سەرکردایەتی و بنکە ریکخراوەیەکانیدا دروست بووە هیچ ئەندامیکی لە هیچ کۆبونەوەیەکی یەکیتیدا کە سکرتیری گشتی سەرپەرشتی بکات یا بە شدار بیت ، ناتوانیت بیرو بۆچونی خۆی بە سەربەستی باس بکات، چونکە سل دەکاتەوە لەوەی کە سکرتیری گشتی لەناو کۆبونەوەکەدا بچیتەوە بەگژیداو بیشکینی و سوکایەتی پیبکات.

ئەمانە هەمووی بۆتە هۆی پەیدابونی تاقمی ئەندامی مونافیق ودوڕوو درۆزن لە دەوری سکرتیری گشتی کەهەل و مەرجی راستەقینەی گیروگرفتەکانی یەکیتی و نارەزایی خەلکی لی ئەشارنەوەو راپۆرتی درۆ و هەوالی ناراستی بۆ ئەهۆننەوە.

لە ئەنجامدا گەندەلی دارایی، گەندەلی سیاسی و گەندەلی کارگیری و بەریوبەرایەتی، تەنانەت گەندەلی خورەوشت سەرانسەری دامودەزگاکانی حزب و حکومەتی گرتۆتەوە بە جۆری کە بۆتە هۆی نارەزایی گشتی خەلك و زۆری ئەندامەکانی یەکیتی و بۆتە مەترسی یەکی راستەقینە بۆسەر یەکیتی و پاشەرۆژی.

بۆیە ئیمە بە پیویستمان زانی بەوپەری سەربەستیەوە بەم یاداشتە بیرو بۆچونەکانی خۆمانتان بۆ بنوسین و پیشنیارەکانی خۆمان بۆ چاککردنی ژیانی ناوخۆی یەکیتی کە کلیلی چاککردنی زۆر بواری تری ژیانی سیاسی حزبی و حکومەتییە بخەینە بەرچاوتان، پیشتریش کە بەم ئاشکراییە باسمان نەکردووە هۆیەکەی دەگەریتەوە بۆ ئەو مەترسییە گەورانەی هەرەشەیان لە جولانەوەی کوردو یەکیتی دەکرد.

سکرتیری گشتی تەمەنی لە(70) سال تیپەریوە، کاتی ئەوە هاتووە ئیتر وەکو "رەمزیکی بەریز" خۆی لە دەستیوەردانی ئیش وکاری رۆژانەی یەکیتی بکیشیتەوەو راپەراندنی کاروباری رۆژانە بەجی بهیلی بۆ هاوریکانیو ریگا بدات بە یەکیتی بگەریتەوە سەر کارکردن بەپیی سەرەتا ریکخراوەیەکانی و لە داهات و خەرجی دارایی یەکیتی دا پەیرەوی روونی (شەفافیەت) بکات و سەروەت و سامانی یەکیتی و سەرچاوەکانی داهاتی ئاشکرابکات.

لە کۆتاییدا دەلیین ئیوە ئەگەر هەر سوور بن لەسەر دریژە پیدانی ریبازی پیشوو لە شیوەی بەریوە بردنی کاروبارەکانی یەکیتی و حکومەتدا وئەگەر بتانەویت ئیش و کارەکانی یەکیتی و دەسەلاتەکانی بە شیوەی ئیستا لەدەستی خۆتاندا بهیلنەوە بی ئەوەی هەولی جدی بدەن بۆ چارەسەرکردنی بنەرەتی ئەو تەنگ و چەلەمەیەی یەکیتی تیایدا دەژی، ئاوا ئیمە کەماوەیەکی دریژ هاوبیروباوەرتان بووین لەکاری سیاسی و هاوسەنگەرتان بووین لەکاری پیشمەرگایەتیدا لیرە بەدواوە چیتر لیپرساویتی میژوویی‌تان لەگەل هەلناگرین. خۆمان (مینبەریکی ئاشکرا) دروست دەکەین بۆ چاکردنی وەزعی یەکیتی و ئیمە ئیتر خۆمان بە ئازاد دەزانین لە هەلبژاردنی هەرشیوەیەکی کاری سیاسی کە خۆمان بە چاکی بزانین بۆ قازانجی گەل و نیشتمانەکەمان و یەکیتی نیشتمانی کوردستان.

لەگەل ریزماندا

کۆسرەت رەسولٚ

نەوشیروان مستەفا ئەمین

عومەر سیدی عەلی

### پاشماوەی تاڵەبانیو بارزانی داوا لە "سوننە

هیچی تریان لەئیختیاردا نییە. زەقکردنەوەی ئەم تائیفەو تائیفەچێتییە، تەنهاو تەنها باوەشێنکردنی ئاگری بن خۆڵەمێشەکەی "شەڕی قەومیو تائیفی" یەو ئەو هەڕەشە گەورەیەیە کە ئایندەی عێراق ئەخاتە مەترسییەوە. قەومو تائیفەو عەشیرەتەکان پەنجەیان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانیان داناوەو گەر ئاکامەکانی "هەڵبژاردن" جێی ڕەزامەندی دڵی ئەوان نەبێت، ئاسمانی ئەو وولاتە ئەکەنە ئاگرباران. ناسیۆنالیزمی کورد دانەچیڕەی "ناوچەی هێڵی سوور"و شیعە "زۆرینە"ی عێراقو سوونەش بە ناوی ڕەتکردنەوەی ئەمریکاوە بزوێنەری ئەو مەترسییەن.

بـایکۆت

بلاوکراوەیەکی رۆژانەیە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستانەوە دەری دەکات

سەرنوسەر: عبدوللا محمود
Nauzad_mahmud@yahoo.com

دەستەی هونەری:
ئارام عەلی، عومەر ئەحمەد

## هەڵبژاردن لە عیراق بۆ داسەپاندنی حکومەتێکی عەرەبی- ئیسلامی نۆکەری ئەمریکایە